# مۆتیڤە ئابوورییەکانی ژنکوژی

**ئیرۆن عومەر**
eron_umer@yahoo.com

ژنکوشتن کە پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا و مێژوو سەلماندوویەتی کە لە عەقلیەتی عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلیەوە سەرچاوەی گرتووە و هەرلەرێگای ئەو عەربانەی کە ئیسلامیان هێنا بۆ کوردستان ئەو رەوشتە گوازرایەوە و دواتر بە ئاوێتە بوون لەگەڵ نەریتەکانی خێڵ و گوتارە ئایینیەکان ئەو ستاتۆیەی پێکهێنا، کە تا ساتەوەختی ئێستاشمان بە نێو رەهەند و ریشالەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانماندا درێژ دەبێتەوە و لێی نابێتەوە، واتا ژن کوشتن دەرکەوتەیەك یان رووداوگەلێك نیە کە لەمێژوویەکی نزیك یان لەماوەی چەند ساڵی رابردوو سەری هەڵدابێ ، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی رێژەی ئەو ژن کوشتنە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە ولاتی ئێمەدا لەوە دەرچووە وەکو دیاردەیەك یاخود کێشەیەك لێی بروانین کە بشێت چارەسەرکردنی بۆ ماوەیەکی درێژ دوابخرێت ، یان چارەسەرەکەی بخەینە دوای چارەسەری کێشەکانی ترەوە ، یان چاوەرێ بکەین تا خەڵك بە شێنەیی پێشدەکەوێت و لەو تاوانە گەورەیە دەست هەڵدەگرن ، باس و خواس و هەواڵەکانی ژنکوژی لە کوردستاندا کە سنووری نێوخۆی تێپەراندووە و پەرپوەتەوە نێو راگەیاندنی دەرەکی و بەتایبەتی خۆرئاوایی، ئەمرۆ نەك هەر ناخرێتە چوارچێوەی دیاردەیەك یان کێشەیەکی ئاسایی و بە بچوکی سەیریناکرێت ، بەڵکو سکاندال(فضيحة)ێکە روخساری هەمووومانی ناشیرین کردووە ، هەموومان دەزانین ئەو هۆکار و پاساوانەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە دەیخەنە روو چین و چەندە بێ بناغەن و تا چەند لە سەرچاوەی ناعەقلی‌یەوە دێن . بەڵام داخی گەورە ئەوەیە هەتا ئێستاش لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە پەسندن، ئەمەش بێگومان لە پابەندیان بەنەریتەکانی خێڵ و پەیرەوی کردنی کوێرانە لە گوتارە ئایینیەکان و دواکەوتوویی و نامەدەنی بوونیانەوە دێت .

بۆ نەهێشتنی ئەم شالاوی ژنکوژییە یان هیچ نەبێ کەمکردنەوەی، پێویستیمان بە پوچەل کردنەوەی ئەو هۆکار و پاساوانە هەیە کە لەپشت ئەنجام دانی ئەو تاوانانەن ، پوچەل کردنەوەی ئەو پاساوانەش بە بروای من نە بە قسە لەسەر کردن و نە نووسین و نەکۆر و سیمینار و نە دایەلۆگ و نە مەوعیزەی مەلایەکان نابێت ، دەکرێت ئێمە بنووسین و گۆرانێکی زۆر کەم و بە ئاستەمی رۆشنبیری لای ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان بەدی بێنین ، بەڵام نابینە کاراکتەری بنبرکردنی ئەو تاوانە ، یان لانی کەم رۆلێکی کاریگەرمان هەبێت لە نەهێشتنی، پێموانیە هیچ هێزێکیش بتوانی ئەم کارە بکات بێجگە لە هێزی گۆرینی بنەماکانی ئابووری خێزان و کۆمەڵ ، ئەویش بە پاشەکشێی سیستەمی تەقلیدی ئابووری نێرانە( کاری نێرانە و بەرهەمی نێرانە و داهاتی نێرانە و رێکخستن‌و ئیدارەی نێرانە) . ئابووری نێرانە ئەو ئابوورییەیە کە هەموو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان(وسائل الانتاج) و شێوازەکانی بەرهەمهێنان(اساليب الانتاج) تێیدا بەدەستی رەگەزی نێر(پیاو)ەوەن ، رەگەزی مێ هیچ رۆلێکی نیە لە هەڵسوراندنی چالاکییە ئابوورییەکان ، کە ئابووری کشتوکاڵی و پیشە وردەکان‌و بازرگانی پێداویسییە سەرەتاییەکانی ژیانەو تایبەتە بە قۆناغی فیودالی‌و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سەرمایە، وەکو ئەوەی لای خۆمان ، لێرەدا دەرنەکەوتنی ژن وەك بەرهەمهێنەر یان یەکێك لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆی هەیە بیخاتە خانەی کالا بەرهەم هاتوەکانی تر کە دەکرێت کرین و فرۆشتن یاخود ئالوگۆری پێوە بکرێت، ئەم کرین و فرۆشتنە بە چاویلکەی کۆمەڵایەتی بە شێوەی نەخت و شیربایی و پێدانی بەرامبەرێکی ماددی زۆر بە فرۆشیاری کچ (باوك ، برا) دەبێت یان بە گۆرینەوەی بەکچێکی تر (ژن بە ژن ) کە تا ئێستاش لە دێهاتەکان برەوی هەیە . لای کەسمان شاراوە نیە کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا پیاو بۆ ئەوەی بتوانی خێزان پێکەوە بنێت پێویستی بە کارکردن و داهاتێکی زۆر دەبێت، بۆ ئەوەی خەرجی ئەم خێزان دروستکردنە وەدەست بێنێت ، ئەرکی هەرە قورسی خەرجی پێکهێنانی خێزانیش بەهۆی بوونی ئابووری پیاوسالارانەوە دەکەوێتە سەر شانی پیاو ، ئەمەش وادەکات هەمیشە سەنگ و بەهای ژن لای پیاو یەکسان بێت بەو تێچوونەی تیایدا خەرج کراوە .

پاساوی هەرەسەرکی کردەی کوشتنی ژنان لای پیاوان کرینەوەی ئابرووە، کە گوایە بەهۆی لادانی ئافرەت لە یاساو عورفی پیاوان لە دەستچووە ، بەڵام لایەکەی تری هۆکاری ئەم کردەیە تۆلەکردنەوەی پیاوە لەبەرانبەر ئەو زیانە ماددی و ئابووریەی بەهۆی گوایە لادانی هاوسەرەکەی یان خوشکەکەی یان کچەکەی یان مێینەیەکی تر لە ئەندامانی خێزانەکەی پێیکەوتووە و هەرگیز ناتوانێ قەرەبووی بکاتەوە ، ئەولادانە ئابروو تکێنەش شتێك نیە جگە لە سێکسی دەرەوەی پەیوەندی رێپێدراو، واتە پەیوەندی هاوسەری(زواج) ، لەکاتێدا ئەم لادانە بۆ پیاو نەك هەر مایەی ئابروو چوون نیە بەڵکو ئاسایی و زۆرجار جێگای شانازیشە .

مرۆڤەکان لە سروشتی خۆیاندا هەڵگری ئارەزووی جۆراوجۆرن کە بەهێزترینیان ئارەزووی سێکسییە ، هەموو مرۆڤێك چ لەڕەگەزی نێر بێت یان مێ، لەتەمەنێکدا کە ئەندامەکانی زاوزێ تێیدا گەشە دەکەن، هەست بەو ئارەزووە دەکات و هەوڵ دەدات بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو ئارەزووە تاقیبکاتەوە ، کە مەترسیدارترینیان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جووت بوونە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر لە دەرەوەی پەیوەندی ڕێپێدراو لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئارەزوویێك و ڕەفتارێك کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکان لەدایك دەبێتو گەشە دەکات، دواجار بە کۆمەڵێك مانا دەورە دراوە و بیرکردنەوەی مرۆڤ لەسەرەتای تەمەنیدا بە ئاقاری ترس و دڵەڕاوکێدا دەبات ، تا سەرەنجام هەمان مرۆڤ خۆی وەکو یەکێك لە پارێزەرەکانی ئەو مانایانە دەبینێتەوە و ئامادەیان دەکاتەوە بۆ نەوەی دوای خۆی ، زیاتر ئەوانەی لەپشت ئامادەکردن و پاراستنی ئەو مانایانەوە دەوەستن نەریتەکانی هەزاران ساڵەی خێڵ و گوتارە ئایینیە ساغنەکراوەکانن ، کە لە نێو یەك خێزاندا کۆیلەو خاوەن کۆیلە دروست دەکەن و فرۆشیار و فرۆشراو بەدیدەهێنن ، ئەو پیاوەی بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی ژنێکی خوازبێنی کردووە و پاشان هێناویەتی، لە ڕاستیدا بەمانا ئابوورییەکەی ژنێکی سەودا و مامەلە کردووە و لە دوایشدا کڕیویەتی ، ئەو ژنەی بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی هاوسەری ئەوە و لە گرێبەندی مارەیی ئەو دایە و لە کەسانی تر مەحرەمە ، بە مانا ئابوورییەکەی موڵکی ئەوە و تاپۆکەی بەناوی ئەوەوەیە و کەسی تر مافی ئەوەی نیە بەکاریبهێنێت ، واتا ڕەگەزی مێیینە وەکو کاڵایەکی بێگیان نە خاوەنی جەستەی خۆیەتی و نە خاوەنی بیرکردنەوە و ژیانی خۆی و نە بڕیاردەری داهاتووی خۆیەتی ، تاکە گۆڕانێك ئەو کائینە لە هەموو ژیانی خۆی هەستیپێدەکات بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی بەهاوسەر بوونیەتی، کە بە مانا ئابووریەکەی گواستنەوەیەتی لە خاوەنداریێتیی کەسێکەوە ( باوك ، برا ) بۆ خاوەنداریێتیی کەسێکی تر(مێرد) ، بۆیە هەرکاتێك یاخی بوونی خۆی نیشاندا لەو خاوەنداریێتییە، کە بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی بریتییە لە پەیوەندی لەگەڵ کەسێك کە دەرهاویشتەی حەزەکانی خۆی بێت، بەپێی پەیوەندیە تەقلیدیەکان ئابڕووی بنەماڵەکەی تکاندووە، یان ناپاکی هاوسەری ئەنجام داوە و ڕەنگە سزای مەرگ چاوەڕێی بکات ، هەندێك جار خاوەنداری دووەم (مێرد) کە هەست دەکات کەموکوڕییەك لە مولك(ژن)ەکەیدا هەیە، بیر لە فرۆشتنەوەی دەکاتەوەو دەیخاتە بازاڕەوەو نرخێکی دیاریکراوی لەسەر دادەنێ،هەرکەسێك ئەو بڕە پارەیە بدات دەستی لێهەڵدەگرێت،مانا کۆمەڵایەتییەکەی ئەو سەروسەودایەش ئەوەیە کە پیاوێك ژنێك دەهێنێت و دوایی بۆی دەردەکەوێت بەکەڵکی نایەت ، یان بە دڵی نیە، ئەینێرێتەوە بۆ ماڵی باوکی، ئیتر بۆ هەر ماوەیەك بمێنێتەوە هەر لە گرێبەستی ئەودا دەبێ، تا هەلێك دێتە پێشەوە لەبەرانبەر بڕێك پارە کە لە خوازبێنیکەرێکی تری ژنەکە وەریدەگرێت، دەستی لێبەردەدات،ئەمەش لای خۆمان پێیدەوترێت تالوق(طاليق).

ئەگەر ئەو کوشتنانە بە نمونە وەربگرین کە بە پاساوی ناپاکی هاوسەری (خیانە زوجیە) ئەنجام دەدرێنو بیرکردنەوەی بکەرەکەی بخەینە بەر لێکۆلینەوە ، بۆمان هەیە بڵێین، تاوانی کوشتنەکە تەنها بەشێکی کەمی بە ئەستۆی بکەرەکەوەیە و بەشەکانی تر کۆمەڵ و نەریت و سیستمی ڕێکخستنی ئابووری خێزان لێیبەرپرسیارن ، ئەو پیاوەی هەست دەکات هاوسەرەکەی ناپاکی لەگەڵ کردووە ، سەرەڕای ئەوەی خۆی بەکەسێکی ئابڕوو تکاو دەزانێتو بەمافی خۆی دەزانێت ئابڕووی خۆی بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن وەربگرێتەوە، بۆی هەیە لە ژێر گوشاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و یاسا ڕێگرەکان پاشگەز ببێتەوە ، بەڵام لەهەمان کاتدا بیرکردنەوەی لەو زیانە ئابوورییەی وێڕای لایەنە مۆڕالییەکەی بەریکەوتووە، هەر لەو پارەیەی بە شێوەی شیربایی کردەی کڕینەکەی پێ ئەنجام داوە، تا خەرجیەکانی ئاهەنگگێڕان و خشل و دانانی ماڵ و تەواوی پێداویستیەکانی تری پێکهێنانی خێزان کە ڕەنگە زۆر جار پیاوەکان بخاتە ژێر باری قەرزێکی زۆر و خەرج کردنی کار و وزەیەکی زۆر بۆ پڕکردنەوەیان، لە پڕ هەمووی لەدەست دەچێتو خۆی لەبەردەم دوو ڕێگادا دەبینێتەوە، کە ناچارە یەکێکیان هەڵبژێرێت،یەکەم: سزادانی ژنەکەی، کە زۆربەی جار بە کوشتنی کۆتاییدێتو بۆ بەدەستهێنانەوەی ئابڕووە تکاوەکەی بەپێی نەریتی بنەماڵەکەی، ئنجا داواکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانە ماددیەکەی کە بە نرخی تێچوونی ژنهێنانێکی تر مەزەندە دەکرێت، کە دەبێت لایەنی ئابڕوو تکێن وەئەستۆی بگرێت،

دووەم: بڕیاری جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بدات، کە ئەویش سەرەڕای زیانەکانی پێشووتری دەیخاتە بەردەم کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی داریی تر، وەك پێدانی مارەییو نەفەقەو هەندێك شتی تر، بەدڵنیاییەوە لە زۆربەی بارەکاندا پیاوەکە لە نێوان هەردوو ڕێگاکەدا ناچار دەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەموو زیانە ماددی و مەعنەوییە ڕێگای یەکەم هەڵبژێرێتو لە جیاتی کارەکە بە کردەی جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری تەواو بکاتو هەلی ژیانێکی تر بۆ هاوسەرە بەمانا ناپاکی لەگەڵ کردووەکەی بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و دوا جار لە گەڵ کەسێکی تر ئەو گرێبەندیە دروستبکاتەوەو هەڵەی پێشوو دووبارە نەکاتەوە، پەنا دەباتە بەر کوشتن و تۆڵەی زیانەکانی،ئەو زیانانەی کە بێگومان هەرگیز ناگەنە بەرانبەرو ئاستی لێسەندنەوەی گیانی مرۆڤێك ، بە دڵنیاییەوە ئەگەر بێتو ئەو بنەما ئابوورییە نێرسالارانەیەی ناو کۆمەڵ و خێزان هەڵتەکێنرێن، کە بێگومان بە بەشداریکردنی ڕەگەزی ژن لە کاری بەرهەمهێناندا بە هەمان ئاست و شێوەی

پیاوان دێتەدی، لەوێدا ژنان خەسلەتی بەکالابوونیان وەلادەنێن و ماناکانی مرۆڤبوونی خۆیان وەدەستدەهێننەوە، سەرەنجام پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە بواری هاوسەرگیریدا ڕێوشوێنی تازە دەگرنەخۆ، کە پێکهێنانی خێزان تێیدا بەدەردەبێت لە لاسەنگیی ئابووری و هەردوو ڕەگەز تێیدا بەشدارن لە پێکهێنانی و هەڵوەشاندنەوەی هەمان پەیوەندیی خێزانییش بەهۆی ناڕێکییەك لە پەیوەندییەکە بە زیانی ئابووریی تەنها لایەنێکیان تەواونابێت و پیاو تێیدا هەست بە زیانی ماددی ناکات،بەمەش لەکاتی کۆتاییپێهێنانی هەرپەیوەندییەکی هاوسەری لەجیاتی پەنابردنەبەر توندوتیژی و تاوان تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری تەواودەبێت و هیچ ئیلتیزامێك لای یەکێکیان بەرانبەر ئەوەی تریان بەجێنامێنێت، ئەمەش وێنەیەکە کە کۆمەڵ تێیدا گەیشتۆتە ئاستی مەدەنیبوون و ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکترو بەهاکانی مرۆڤبوون و دادپەروەری.